

# لایڤ کوردستان

عەلی مەحمود محەمەد 2-7-2005

ئەمڕۆ و ڕۆژانی داهاتووی ئەم هەفتەیە , بە درێژایی و پانایی جیهان , لە تۆکیۆوە بۆ هیندستان و بەنگەلادیش , تا ئەدنەبەرە و لەندەن و پاریس , لە ئیتاڵیاوە بۆ ساوپاولۆ , لە باشوری ئەفریقاوە بۆ کیشوەری بەستەڵەکی باکور , لە وڵاتانی خۆشگوزەرانەوە بۆ هەژاران , سەرتاپا خۆپیشاندان و ئاهەنگی لایڤی هەشتە دژ بە برسێتی و وڵاتانی هەشت , بەرەو ڕو بونەوەی پۆلیس و شەڕە مۆلۆتۆڤی سەرشەقامەکانە دژ بە قەرزاری , ئاخر چ ویژدانێك نایاتە دەنگ ڕۆژانە 30000 منالّ لەم جیهانە لە برسان بمرێت , لەوەش زیاتر بە ئایدز و سورێژەو مەلاریا و ... دور لە قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان سەر دەنێتەوە .

مرۆڤ دۆستان , لە پێشییانەوە چەپەکان , هونەرمەندان , نوسەران , ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی , ڕێکخەر و بەشداری ئەو هەڵمەتە جیهانییە دەکەن دژ بە هەژاری .

لە ئێستاوە کاروان بەرەو ئەدنبرە بەڕێوەیە , ئەم شارە مەزنترین جەنگ دژ بە هەژاری , بەناوی کۆتایی بە هەژاری بە خۆوە دەبینێت , پێشبینی دەکرێت لە 200000 بۆ 1500000 مرۆڤ بەشداری تێدا بکەن .

ئەمسالّ لافیتەی سپی درێژ لە سەری نوسراوە کۆتایی بە هەژاری دروشمی خۆپیشاندانەکانە , منالآنی کرێکاری هیندستانیش جوانترین نمایشی خۆیان دژ بە هەژاری پێشکەش کرد , ئاخر لەو دیو شاشەکانەوە هەستت بە جورەی سکیان لە ڕێگەی دەم و چاویانەوە دەکرد , دەموچاوە ماندوەکانییان شکاتی دڵیانی دەگەیاند بە کامیراکان , تەنها پێلاو بۆیەکەرەکانی نیشتمانەکەی من , هاوپیشەکانم بوو , دەنگیان لێوە نەهات , هاوارییان بۆ وازی و خوێندن و نان نەکرد , چۆن من وامدەزانی پێلآو بۆیە کردن لە ناوچەوانم نوسراوە ئێستاش ئەوان ئاوا بیردەکەنەوە .

کوردستان ئەم مەڵبەندەی برسێتی و چەوساندنەوەیە , لە چەند دەیەی ڕابردوودا , سەنگەری پێشەوەی خەبات بوو دژ بە هەژاری , ئەمسالّ وا داوەشاوە , تەنانەت لایەنێك نییە , هەواڵەکانی

خۆپیشاندانەکانیشی بۆ بگوازێتەوە , بەم هەژارانە ڕابگەیەنێت , ئێمەش نەتوانیین داکۆکیتان لێ بکەین , ئەوە ملیۆنان کەس بۆ کۆتایی هێنان بە جورەی سکتان لە شەقامدایە , بۆ مافی قەدریەو سەعدییەکانی جیهان لەناو باریکاردایە , هاوڕێیانی جیڤارا و ئارام و فەهد و فوئاد  سنور بە دوای سنور دەبڕن , دژ بە برسێتی بانگەوازی ڕاپەڕینە دەن , پەتی سێدارە لە پێناو ئێوەدا بۆخۆیان هەڵەدەن .

باشە بۆ دەبێت برسیەکانی نیشتمانەکەم دەنگێك نەبێت ئەمڕۆ داکۆکیان لێ بکات !, دەڵێی هەموو مرۆڤە مەزنەکان بۆیە بوونە قوربانی تا  ڕێگاکەیان بە چۆڵی بەجێ بهێڵن .

داکۆکی لە هەژاران دەبێت لە نوسینی سەرکاغەزەوە بێتە سەر شەقام  , لە قسەی زل و دروشمی قەبەوە بگاتە سەر داکۆکی لەژەمی خۆراك . دروشمەکان  لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی و ئازادی سێکسییەوە بێتە سەر کۆتایی بە برسێتی , لە پەیمانی گەورەی  درۆوە بێتە سەرنان .

باشە دەبێت لە کوردستاندا هەژاری نەبێت , وا دەنگێك بۆ کۆتایی پێ هێنانی لە ئارادا نییە ؟؟ , چیرۆکی قەدریەو سەعدیە , گۆڤان و مام فارس کارێزی و دەیان هەزار برسی دیکەی ئەم کوردستانە لە کوێوە هاتوونە  ؟؟.درۆی فلیمەکانن , یان واقعی تاڵی کوردستانە .

نازانم خەباتی چینایەتی , لە وڵاتێکدا کە بەرزترین ڕێژەی گەندەڵی لە جیهاندا تێدایە ,  بۆ نوزەی لێوە نایات , بەرزترین پلەی جیاوازی ئاستی ژییانی تێدایە ,  لە نێوان هەرە دەوڵەمەندان و هەرە هەژاران , بۆچی دەنگێك لە نا نایات . ئەم کوردستانە ,  هیچ وڵاتێکی سەرمایەداری تۆزی بەرپێی ناشکێنێت لە چەوساندنەوەی چینایەتی , لە بێڕێزی کردن بەرامبەر بە مرۆڤەکانی  , کەچی  تاکە وڵاتە لە جیهان , شەڕی چەپ و ڕاست , هەژار و دەوڵەمەندی تێدا نییە . دیاردەی قەدریەو سەعدییە جگە لە کوردستان , تەنها لەنایجەر و حەبەشە دەبینیتەوە , دەوڵەمەندی بەرپرسانیشی لەهیچ قومارخانەیەکی ماکاودا بەخەویش بیری لێناکرێتەوە .

لە هەموو جیهان گۆرانی بێژان گۆرانی بۆ هەژاران دەچڕن , لە کوردستان هونەرمەندان سەما بۆ بەرپرسان و دەسەڵاتداران دەکەن !, شاباش بۆ دۆلار و سەما و برسێتی . نوسەران و شاعیران وشە بۆ هەژاران دەڵێن , بەڵام لە کوردستان , وشە بۆ دەسەڵاتداران , ڕستە بۆ دۆلار .

لە هەموو جیهان چەپەکان لەسەر جادە شەڕیانە  , نەك تەنها بۆ برسیەکانی خۆیان , بەڵکە بۆ ئەو برسیانەی دەیان هەزار کم لە وڵاتەکەیانەوە دوورن , کەچی لە وڵاتی ئێمەدا جوڵەیەك دژ بە هەژاری نییە , سکرتێرو لێدەرەکانمان لە ژیانێکدا دەژێن مێش مێوانییان نی یە .

تا سەرانی چەپ ئەهلی دۆلاراوەو عەقاری بن , ئاگایان لە شەپاوەو خانووە قوڕەکان نابێت !.

جاران زیندانخانەی نگرە سەلمان حوکمی شەقامەکانی بەغدا و هەموو عێراقی دەکرد ,  کەچی ئێستا هەمان حیزب ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە نەك زیندانی و پەتی سێدارەیە , بەڵکە هەڵوێست نواندنە بەرامبەر مافی هەژاران  . ساڵی **1959** گەورەترین خۆپیشاندان لە دوای مۆسکۆ و پەکین , خۆپیشاندانی بەغدا بوو , شارۆچکەیەکی وەك شەقڵاوە لە پەنجاکان بە نهێنی ساڵانە یادی **1** ئایاری تێدا دەکرایەوە , کەچی ئێستا هەمان حیزب یادی **1** ئایار لە ناو بارەگاکەی خۆشی ناکاتەوە.

ئۆلیڤۆر بیزنۆس بەرپرسی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسایە , بزووتنەوەکەی ئەوەندە دەنگ دێنێتەوە هاوتا بێت بە دەنگی چەپەکان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , بەیانیان پۆست دابەش  دەکات

, ئێوارانیش بە پولی کارەکەی پارتایەتی دەکات , بە لێدەرو سکرتێرە عاجباتییەکانی وڵاتەکەم بڵێم وا بکەن , بە لەنگە کۆمۆنیست و پۆپۆلیستم لە قەڵەم دەدەن , ئەوە ناوێرم بازی ئەزموونی گەشی سەرەك وەزیرانی بەنگالی ڕۆژئاوا بکەم , ئاخر لە هەموو جیهان چەپ بۆینباخ نابەستێت , لە کوردستان نیوەی کاتی خۆیان بەبەستینییەوە خەریکە کەن .

پارتی کۆنگرەی نیشتمانی هیندستان , زۆر لە کۆمۆنیستەکان هیندستان پاڕایەوە , بەشداری حکومەتەکەی بکەن بە چەند وزارەتێك بە سیادیشەوە , کەچی ڕەتیان کردەوە , کە **61** کورسی پەرلەمانییان هەیە و دەسەڵاتداری **3** ولایەتن , زیاتر لە **130** ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژێت .

لە سودان عومەر بەشیر هەوڵی دا قەناعەت بە ئیبراهیم نەقدی کۆنە هاوڕێی قوتابیی بکات , شیوعییەکان وزارەت وەربگرن , بەڵام بە قێزەوە وەڵامی دایەوە , لە نیپاڵ کۆمۆنیستەکان ئامادەی وەرگرتنی پۆستی سەرەك وەزیرانیشییان نییە تا مەلیك دەسەڵاتداری بێسنور بێت , لە هەموو جیهان کۆمۆنیستەکان بۆ بەشداری لە دەسەڵات هەزار و یەك داواکاری و بەهانەیان هەیە , بەڵام لە کوردستان تەنها بە مێزو مانگانە, بێ قەید و شەرت ڕازی دەبن .

سەرە هێنم و سەرە بەم , چاو گڕە دەم , لە پانتایی ئەم جیهانە , ترسنۆك و دواکەوتووی وەك چەپی کوردستان نادۆزمەوە , چەپ بوون هەمو کات بە هەڵوێست و ئازایەتی و ژیرییەوە جوانە , هەموو جوتیارانی کوردستان هەڵوێستەکانی حشعیان لە پەنجاکان لەبیر ناچێتەوە , هیچکاتیش گەل لە بێدەنگی ئێستایان خۆش نابێت . چەپەکان جورئەت و عەقڵانییەت و دادپەروەریت لێ کردنەوە , ئامانجێك بۆ بوونییان نامێنێت . ئازایەتی قیژە قیژی قاز ئاسا نییە , بەردی قورس هەڵگرتن و یاخی بوونەوە لە کۆمەڵ نییە , بزووتنەوەی جوتیاران توانای دەرکردنی گۆڤارێکیان نەبوو , بەڵام گەورەترین سەروەریان تۆمار کرد .

شەش دەیە , هەموو جۆرە حکومەتەکان هەوڵیان دا حزبی شیوعی لە ڕەگ دەربهێنن , بە پەتی سێدارە , شەمەندەفەری مەرگ , نگرە سەلمان و زیندانی بەعقوبەو مەحکەمەی سەورەو دەیانی دیکە , نەیانتوانی , بەڵام پارتی و ینك بە زەوی و پارە ئەو کارەیان کرد , ئەوەی پەتی سێدارە بەرامبەری سەری دانەواند , چەند سەت مەترێك زەوی جێبەجێی کرد . حزبی کۆمۆنستی کرێکاریشیان بە سەفەر بۆ دەرەوە تەواو کرد .

ئاخر سەرۆکایەتییەك **600** مەتر زەوی و سەدان هەزار دینارو لاند کرۆزەری دوا مۆدێل وەرگرێت , چۆن ئاگای لە چڵکاو نشینەکانی سەیداوە دەمێنێت , خۆراکی پاشماوەی علوەکە نەبوایە لە برسان دەمردن .

چەپ چۆن لە کوردستان بەهێزە بێت , هەندێکیان بارەگاکانی مەکتەبی عەمەل بێت , بۆ خانەنشینی و دامەزراندن و پۆلیسی نەبێت , تەنانەت خانەوادەی شەهیدانیش ڕوی پێیا ناکەن , یەکی دیکەشی بۆتە مەکتەبی سەفەر جنسیەو تەسکییەی یو ئێن و سەفەری تورکیا .